# پشە سپی

پشیلەی من خرپنە
دەستە مۆیە و شەرمنە
تووکەکەی گەلێ جوانە
وەکو بەفری کوێستانە
سپی رەنگ و چاوشینە
خۆلیای یاریی تۆپێنە
پشیلەکەی من جوانە
گەلێك خڕ و خەپانە
راکە پشەی جوان و ژیر
وا بۆم هێناوی پەنیر
دەی زووکە وەرە لای من
ئەی پشە خرپنەی من